**دۆزی جینۆسایدی کورد وەک تاوانی دژە مرۆڤایەتی**

* پوختەیەک لە گرنگترین توێژینەوەکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی جینۆساید و بنیاتنانی ئاشتی

**سێیەم کـۆنـفـراسی نـێودەوڵـــەتیی جینۆساید و بنیاتنانی ئاشتی**

سەڵاح جەلال

زانکۆی سلێمانی لە رووی پەیوەندییە کەلتورییەکانی و ناساندنی کێشەی رەوای کورد بەجیهان، هەمیشە لە پێشەنگدا بووە .

بەدەستپێشخەریی مەڵبەندی کوردۆلۆژیی زانکۆی سلێمانی و پەیوەندییەکانی د. عوسمان ئەحمەد قادر، و سەنتە ري جینۆساید. د. فازیل مورادیي، توانرا کۆمەڵێك لە پسپۆرە ئەکادیمییەکانی جیهان کۆبکاتەوە و بەدەیان توێژینەوەی گرنگ لە هەموو بوارەکانی جینۆسایددا لە چوارچێوەی (سێیەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی و بونیادی ئاشتی لەشاری سلێمانی) بخەنەڕوو، کە کۆنفراسێکی پڕ بوو بە بابەتی بەبایەخ و گرنگ لەسەر ئاستی ناوچەکە .

بەئامانجی ناساندن و توێژینەوەی واقیعی ئەو جینۆسایدانەی وەك ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژیی کە لەلایەن رژێمە جیاجیاکانەوە بەرامبەر خەڵکی مەدەنیی کورد کراوە و بەهۆی ئەو دۆزەخەی گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو هەیبووە، جگە لە کیمیابارانی هەڵەبجە، زۆربەیان بە هیچ جۆرێک لەڕووی بەڵگە و وێنەوە دیکۆمێنت نەکراوە .

ئەوەی لێرەش کراوە، وەک ئەو رووداوانەن کە بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا هاتوون، بەڵام نەتەوەکانی دیکە لەڕێی بەڵگەنامە و فیلم و ژانرە ئەدەبییەکانەوە دیکۆمێنتیان کردووە و لە بیرەوەری و هەست و نەستی خەڵکەکەیاندا بە زیندوویی هێشتوویانەتەوە و پارێزراون. بۆیە هەرلە وێنەی فۆتۆگرافی و زومی کامێرا و تەختەی شانۆ و بوارەکانی تری ئەدەب و هونەریاندا رەنگی داوەتەوە.

**لە نادیارەوە بۆ ئاشکراکردن**

چۆن ئەم رووداوانە لە خودەوە بۆ بابەت دەگوێزرێنەوە؟ لە نادیارەوە بۆ دیار؟ لە ناوخۆوە بۆ جیهان؟ چۆن بتوانین وێنای ئەو دیمەنانە بگوازینەوە؟ وێنەی قوربانی و خودی جەللادەکە و وێنەکە لە رووداوەکە بەهێزتر نیشان بدەین؟

لەمرۆی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکاندا، دەکرێت وێنەکان لەڕێی زەخرەفە و وێنەکێشان و هێڵکاریی زومی کامێراکانەوە بخرێتەڕوو و یاخود بەهۆی نواندنێکی بینراو یان گۆڕینی ئەوانی تر لەڕێی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکانەوە، بەوەش دەتوانرێت لەشێوەی ئەلیکترۆنیدا وێنەکان بهێڵرێتەوە، ئەوەش بە وێناکردنەوەی ئەو رووداوانەی بەهۆی تێپەڕبوونی بیرەوەرییانەوە بەوێنەی سروشتی پێشتر بینیومانن و لە خەیاڵماندا چەسپاون، دەکرێت سەرلەنوێ لاپەڕەکانی هەڵبدەینەوە و نەوە لەدوای دوا نیشانیان بدرێتەوە.

**نەبوونی وێنە و دیکۆمێنت**

**واتای نەبوونی رووداوەکە نییە**

ئەو جینۆسایدەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، تاوانی سەردەمێکی ئەنگوستەچاوە، بەڵام 180 هەزار هاووڵاتی گوندەکان بە زیندویی خراونەتە ژێر زەوییەوە و سەدان کچ و ژنی کورد ئەتککراون. لەو دەیان و سەدان کۆمەڵکوژیی و نەهامەتییانەش، تەنها دیمەنە ناخهەژێنەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە ڤیدیۆ و فۆتۆگرافی دیکۆمێنت کراون و بڵاوبوونەتەوە، کە مرۆڤایەتیان لەسەر ئاستی جیهان شۆك کرد.

**کۆنفرانسەکە بۆ گواستنەوە و**

**خستنەڕووی تراژیدیا پەنهانەکان بوو**

ئەم کۆنفرانسە بۆ گواستنەوەی هەموو ئەو تاوانە مێژووییانە بوو، وەک جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان، ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە و ئێزدییەکان، بۆ وێنەی دیجیتاڵی و بەئەرشیف کردنیان لە توێژینەوە جیاجیاکاندا. تا لە گێڕانەوە و نووسینەوەی مێژووەوە بگوازرێتەوە بۆ کایەی کارە زانستی و هونەری و ئەدەبییەکان و ببنە وێنەی دیجیتاڵی.
کۆنفراسەکە لە رۆژی سێشەممە 28 ئایاری 2024دا شارێکی وێنەیی جینۆسایدی لە شاری سلێمانیدا خستەڕوو. سەرەتا گروپی ئامادەکاری کۆنفرانسەکە سەردانی ئەمنە سوورەکە و ئینستتیوتی کەلەپووریی کوردییان کرد .
رۆژی چوارشەممەش 2024/5/29 لە هۆڵی کۆنفرانسەکەدا، رێوڕەسمی سێیەهەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتیی جینۆساید و بنیاتنانی ئاشتی سازکرا.
سەرەتا هەریەکە لە(پ.ی.د. جەلال حەسەن) و (د.کۆسار محەمەد عەلی)سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بە دوو وتاری کورت رێوڕەسمەکەیان کردەوە .
دواتر چالاکییەکی هونەریی تایبەت بە ئەنفال و فیلمێکی دۆکۆمینتەری بە ناونیشانی(کاتێك شایەتحاڵەکان دەدوێن) پێشکەش کران .
ئەوانەی لە کۆنفرانسەکەدا وتەی سەرەکییان پێشکەش کرد بریتیبوون لە هەریەك لە خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و خاتوو شازادە حسێن محەمەد و حاکم قاسم رەڤۆ کە وەک پانێلیستەکانی یەکەم هەریەکەیان ئەزموونێکی جیاوازیان لەگەڵ جینۆساید و تاوانەکانی کۆمەڵکوژییدا خستەڕوو.

**پانێڵی یەکەم:**
**لەژێر ناونیشانی جینۆساید و سیاسەت لەلایەن(د. فازیل موراد بی) لە پەیمانگەی جۆهانسبێرگ بەڕێوەبرا:**
1 .چی(باشە) لە وشەی جینۆسایدا!. لەلایەن د. ئاریانا شاهڤیسیی لەزانکۆی سکوڵی پزیشکی برایتن. شانشینی یەکگرتوو .
2 .نایەکسانی دیراساتی جینۆساید. لەلایەن د. یۆگۆر ئومیت ئۆگۆر لە زانکۆی ئەمستردام.
3 .پەرەسەندنی چەمکی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا. د. حسێن عەلی عیسا. لە زانکۆی سلێمانی .
4 .دووبارە ژیانکردنی بەسەرهاتە زەبر ئامێزەکان - یادکردنەوەی فەرمانەکانی ئێزدییەکان لە سەدەی رابردوودا. د. ماریا سیکس- هۆهێنبالکن. ئەکادیمیای نەمسایی بۆ زانستەکان.
5 .زانین و زۆربوونەکەی فەلسەفە و سیاسەت لەم سەردەمەدا. ستیڤن کۆر کۆران. پاریسیا. سکۆڵی فەلسەفە، بەرلین. ئەڵمانیا.
بەکورتی شیکردنەوەی رەگوڕیشاڵی جینۆساید و تاوانەکانی ئەنفال و ئێزدییەکان و کوردە فەیلییەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان و فەلسەفە و سیاسەت و جیهان روونکرایەوە .

**پانێلی دووەم :**
**یاساو ئاشتیی دواخراو لەلایەن د. مەهدی ئەمین عەبدوڵڵا بەڕێوەبرا.**
1 .بنیاتنانی ئاشتیی لەسەر وێرانەی جینۆساید لە عیراق، د. مەهدی ئەحمەد و د.محەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد، زانکۆی سلێمانی.
2 .هۆکارەکانی جینۆساید و رێگرییکردن لێی: لە توێژینەوەیەکی شرۆڤەیی د. ناسیح فەتاح نەسروڵڵا.
3 .ستراتیژەکانی رێگریی لە تاوانی جینۆساید لەسایەی ئەحکامەکانی یاسای ناوخۆیی و شەریعەتی ئیسلامییدا: توێژینەوەی کەیسی عیراق. د. لاجان محەمەد ئەمین، خۆشی عوسمان عبدوﷲتیف.
4 .عیراق دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و جینۆسایدی نەتەوەی بێ دەوڵەت. د. هونەر ئەمین حەسەن.

5 .لێکەوتە خراپەکانی جینۆساید لەسەر ڕەوشی شارستانیی باشووری عیراق.
بە قووڵی زۆر لایەنی شاراوەی جینۆساید و تاوانی ڕژێمەکان و سستیی یاسای نێودەوڵەتی و ئاشتی، ئەم چەمکە پرسیاری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا وەک ئەوەی کە ئاخۆ مەبەست لەچەمکی ئاشتیی چییە؟ لەگەڵ ناوخۆدا یاخود لەگەڵ دەرەوەدا؟ پاکژبوونەوەی هەڵچوونەکان لای ئیفلاتون؟ یاخود ئەم چەمکە لەوە قووڵتری دەویست. لای شکسپێر مرۆڤ دەیەوێت خۆی لە تاوانەکان پاك بکاتەوە بە پاکژبوونەوەی هەڵچوونەکان. ناوخۆ و دەرەوە دەگرێتەوە .
ئایا گرنگیی وشەی ئاشتی لای ئەو میللەتانەی جینۆساید کراون دەبێت چی بێت و چۆن بیری لێبکەنەوە؟ لەسەر ئەو ڕابردووە خوێناوییەوە چۆن بتوانن لاپەڕەی سپی بکەنەوە بۆ پاکژبوونەوە و بۆ یەکگرتوویی و لەخۆبوردوویی تا بتوانن پێکەوە نیشتمانێك دروست بکەن تا جارێکی دیکە تووشی جینۆسایدی تر نەبنەوە؟ یاخود ئەوە پرسیارێکی بێ کۆتاییە و وەڵامەکەی دەکەوێتە دوای زەمەنی بیرکردنەوەوە بۆ نەوەکانی تر؟

**پانێڵی سێیەم**

**هیومانیزم و دادپەروەریی (ڕاگوزەر) لە ناوکۆکانی پۆست -جینۆسایددا بەڕێوەبەری پانێڵ: د. سازان میران .**

1 .سازش / بەڵێنگەل لە هەموو شوێنێك: سێ ڕێگا بۆ پێکەوەژیان لە داهاتوودا، 30 ساڵ پاش جینۆسایدەکەی دژبە توتسییەکان لە ڕواندا. د. ستیفانیی بۆگنێتز، زانکۆی جۆهانسبێرگ، ئەفریقای باشوور/ ئەڵمانیا

.2 (لە ڕێی زوومەوە) نادادپەروەریی و نەیارەکانی دەوڵەت: چۆن هیومانیزم دووچاری نابەرابەریی و توندوتیژیی بووە. د.لەتیف تاس، زانکۆی ئابێرسوس، شانشینی یەکگرتوو.

3 .ئامرازە دادوەریی - سیاسییەکانی جینۆساید لە سوریا و عیراق: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر پۆست - پۆلێنە کۆمەڵایەتییە جینۆسایدییەکان. د. مەنسور تەیفوریی.زانکۆی پاریس هاڤیسین - سان دونی، فەرەنسا

4 .کۆلۆنیاڵداماڵینی هاووڵاتیبوونی عیراقی: نموونە گەلی کوردیی پۆست – جینۆساید. دایان ئی. کینگ، زانکۆی کەنتەکیی، ئەمریکا.

5 .زیانە دامەزراوەییەکان: ئاڵەنگاریی و ئەڵتەرناتیڤەکان لە نێو ناوکۆکانی دادپەروەریی ڕاگوزەرد.ا د. دەیڤد ڤالەنسیا، زانکۆی سانتو تۆماس، کۆلۆمبیا.

6 .ئاشتیی لە ناوخۆدا: چاکبوونەوەی ڕۆحیی بە گوێرەی شیرازەکان. د. ئیدیس سزانتۆ، زانکۆی ئەلەباما، ئەمریکا.

**پانێڵی چوارەم**

**ژنکوژیی/ جینۆسایدی ئێزدییەکان**

بەڕێوەبەری پانێڵ: د. ئیدیس سزانتۆ.زانکۆی ئەلەباما

1 .پەیوەندیی نێوان ئایین و جینۆساید، د.ئیبراهیم سادق، زانکۆی سۆران.

2 .هەڵسەنگاندنەوەی ڕوانگەی ئیسلامیی سەبارەت بە ئێزدییەکان لە پاش جینۆسایدی 2014: بەراوردگەلی مێژوویی و دەستپێشخەریگەلی هاوچەرخ بۆ پێکەوەژیان. د.قادر سەلیم شەممۆ، زانکۆی لایپزیگ، ئەڵمانیا.

3 .جینۆساید و بنیاتنانی ئاشتیی: کەیسی ئێزدییەکان، د. سەباستیان مەیزل. زانکۆی لایپزیگ، ئەڵمانیا.

4 .توندوتیژی سێکچواڵی دژی ژنان و کچان وەک چەکێکی جەنگ: توندوتیژی سێکچواڵی دژی ژنان و کچانی ئێزدی لەسەر دەستی داعش ئابی 2014 وەک نموونە. د.ڕۆشنا ئەمین، زانکۆی سلێمانی/ زانکۆی لایپزیگ، ئەڵمانیا.

5 .پرۆسەی کوشتن و کڕین و فرۆشتن بە ژنان و کچانی ئێزدی لەلایەن داعشەوە. حەسۆ هورمیی (سەرۆکی دامەزراوەی نێودەوڵەتیی ئێزدییەکان بۆ ڕێگریی لە جینۆساید – نەتەوە یەکگرتووەکان).

**پانێڵی پێنجەم**
**ڕۆژی پێنجشەممە، 30ی ئایار**
بۆردومانە کیمیاییەکان لە کوردستان – عیراق و ئەگەری ئاشتیی) هۆڵی (A بەڕێوەبەری پانێڵ: د. ئاریاننا شاهڤیسیی ا.سکوڵی پزیشکیی براین و سەسێکس.
1 .کاریگەرییە تەندروستییە درێژخایەنەکانی توخمەکانی چەکی کیمیایی لەسەر منداڵان لە پاش تاکە یەك بەرکەوتنی قورس. د. جوان میران – تاڵەبانی، زانکۆی بێرمینگهام، شانشینی یەکگرتوو (لە ڕێی زوومەوە).
2 .شیاندنەوەی کۆمەڵایەتیی وەك میتۆدێکی سەرکەوتوو بۆ باشکردنی باری تەندروستیی رزگاربووانی چەکی کیمیایی کە نەخۆشییگەلی درێژخایەنی پەیوەست بە بەرکەوتنیان هەیە. د. شەهریار خاتریی، نەخۆشخانەی نیکان، تاران، ئێران.
3 .جۆرێتیی ژیان و تەندروستیی دەروونیی لەنێو کەسانی سڤیلی کوردی رزگاربووی چەکە کیمیاییەکان کە لە کوردستان -عیراق و سوید دەژین. فەرەیدون مورادی، زانکۆی یۆتۆبۆری، سوید.
4 .کاریگەریی سایکۆلۆژیی بەرکەوتەیی توخمەکانی چەکی کیمیایی لە هێرشەکاندا بۆسەر دانیشتووانی سڤیل. سازان میران، ئینستیتیوتی ئۆکسفۆرد بۆ راهێنان و توێژینەوەی سایکۆلۆژیی پزیشکی.
5 .رەنگدانەوەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە رۆژنامەی ریسالەت (رسالت)ی ئێرانی، ژمارە 640-6390 بە نموونە، ئەرکان ئەحمەد حەسەن + د. کاروان فەتاح عەبدولڕەحمان، زانکۆی هەڵەبجە.

**پانێڵی شەشەم**
**جینۆساید و مافە دەستوورییەکان و یادەوەریی جێندەرکراو، بەڕێوەبەری پانێڵ: نەرمین ئەمین، دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.**
1 .مافە دەستوورییەکانی کوردە فەیلییەکان لە عیراق. رووبار مەجید ئەحمەد، دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی، کوردستان – عیراق
2 .ئاکامەکانی جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکاریی: 1980-2003-، د. هەژار هۆشیار + سۆزان کەریم ساڵح، مامۆستا لە زانکۆی چەرموو.
3 .کۆمەڵکوژیی دەرسیم لە سەرچاوە توركی و ئینگلیزییەکاندا (1937 – 1938). رابەر سیروان سلێمان، مامۆستای یاریدەدەر، زانکۆی سلێمانی، کوردستان -عیراق و کەیوان سدیق محەمەد .
4 .میکانیزمەکانی کارکردنی نێودەوڵەتیی بۆ دیکۆمێنتکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانییەکان و دادپەروەریی بۆ قوربانییەکان، مەهدی ئەمین عەبدوڵڵا، دکتۆرا، زانکۆی سۆران، کوردستان -عیراق.
5 .رۆڵی جێندەریی و ژنبوون: ئەزموونی ژنانی بارزانی وەك نموونە. میدیا زەنگەنە، دکتۆرا، زانکۆی سۆران، کوردستان، ئیبراهیم سادق - دکتۆرا، زانکۆی سۆران، کوردستان - عیراق

**پانێڵی حەوتەم**
**لەدەستچوون و ئەرشیفی دیجیتاڵیی و یادەوەرییەکان. بەڕێوەبەری پانێڵ: د. مەنسور تەیفوریی. زانکۆی پاریس .**
1 .مۆزەخانە وەك ناوەندێکی کەلتوری و ئابووری. د. نەرمین ع. ئەمین، د. جوان ئیسماعیل، د. رەوا ئەنوەر، زانکۆی سەلاحەدین.
2 .ئەرشیفی نیشتمانیی جینۆساید لە کوردستان. عەدالەت عومەر، توێژەری سەربەخۆ، کوردستان - عیراق .

3 .پرۆژەیەکی زانستی بۆ ئەرشیفکردنی دیجیتاڵیی جینۆسایدی کورد: کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە. د. نەرمین عەلی و بەشدار عەبدولڕەحمان محەمەد و کارزان عەدنان حەمەسەعید (زانکۆی هەڵەبجە).
4 .ئەنفال: کوشتنی ڕەنگ و جوانیی. هۆمەر محەمەد، توێژەر، کوردستان .
5 .کاریگەرییەکانی ئەنفال و دابڕان لە ژیان. لەتیف فاتیح فەرەج، توێژەر.
6 .ڕۆڵ و کاریگەریی مۆنۆمێنت لە ناساندنی کەیسی جینۆسایددا. ئاودێر عوسمان، توێژەر، کوردستان .

**پانێڵی هەشتەم**

**کەلتور و توندوتیژیی سیاسیی بینراو. بەڕێوەبەری پانێڵ: د. جەلال حەسەن مستەفا، زانکۆی سلێمانی.**

1 .بەکاربردنی چەمکی فیلم وەک پێنووس: هەوڵێک بۆ ناساندنی مۆرکی حەقیقەت لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی جینۆسایدی ژنانی ئێزدیی لە ڕووداوەکانی 2014 دا. د.دڵشاد مستەفا ڕەحیم ڕازاوە، زانکۆی سلێمانی.
2 .بەرەو لەچوارچێوەنانێکی شانۆییانەی زەبرئامێزی یادەوەریی قوربانیی لە شاڵاوەکانی جینۆسایددا لە عیراق لە ساڵی 1988 دا. د. مونتەها تارق ئەلمحەنناویی. زانکۆی موستەنسەرییە، بەغداد.
3 .ئاماژە سیمیۆلۆجییەکان لە سێ وێنەی فۆتۆگرافیی جینۆسایدی ئەنفالدا. ئیبراهیم فەتحوڵڵا، زانکۆی سلێمانی و فەتاح مەحمود ڕۆستەم، توێژەری سەربەخۆ.
4 .دروستکردنی هونەر لە ناوچەکانی جەنگدا: ژیان – مەرگ – زەبر (ترۆما). هونەرمەند بارش سێیتیڤان، ئەڵمانیا.
5 .هەڵکۆڵینی مێژوو لە گۆڕستانی چراکاندا: بەشدارییە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس لە دۆکومێنتکردنی جینۆسایدی کورددا. د. کامەران محەمەد قادر. زانکۆی سلێمانی، ڕاز ئەسعەد شەریف.

لەم پانێلەدا جەخت کرایەوە لەسەر گواستنەوەی بیرەوەریی و ڕووداوەکانی جینۆساید بۆ وێنە. د. دڵشاد مستەفا ئەو بەراوردەی لەنێوان وێنەی فۆتۆگرافی و سینەمادا کرد. وێنە، واقیعێکی دووری ڕابردووە و سینەما ئێستایە. د.مونتەهـــا تاریق -یش جەختی لەسەر یادەوەریی قوربانی لە چوارچێوەدانی شانۆییانەدا کردەوە.

**پانێڵی نۆیەم**

**هونەر و (خەیاڵدانی) ئاشتیی**

بەڕێوەبەری پانێڵ: ستیڤن کۆرکۆران، پارێسیا: سکوڵی فەلسەفە، بەرلین.

1 .بەرجەستەبوونی تراژیدیا و ڕووداوە مێژووییەکان لە سیرامیکە هاوچەرخەکاندا لە کوردستان: کەیسی سلێمانی. نەعیمە. م. عەبدوڵڵا، زانکۆی سلێمانی.
2 .لێکۆڵینەوەیەکی کەسیی لە هونەر و توندوتیژیی دەوڵەت. فایەق ڕەسوڵ، توێژەری سەربەخۆ، نەمسا.
3 .یادگارەکان و بیرهاتنەوەکان، گەڕان بەناو کاری هونەریی ڕزگاربوواندا لە مۆزەخانە ئیمپریالییەکانی جەنگدا، کلێر برینارد، مۆزەخانە ئیمپریالییەکانی جەنگ.
4 .هێڵکارییەکان وەك ئامرازگەلی خاڵیکردنەوە. د. عوسمان قادر ئەحمەد، سلێمانی.
5 .هونەر و توندوتیژیی سیاسیی و ئەو ئاشتییەی کە دێت. د. فازڵ مورادی. زانکۆی جۆهانسبێرگ.

شاری وێنەیی ئەنفال

دوا وێستگەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە شاری وێنەیی ئەنفال، ناونیشانێکی نوێی ئەو جینۆسایدانەیە کە ڕژێمی بەعس بە ڕەشبگیری بەرامبەر خەڵکی مەدەنیی کورد کردی. بە کۆرپەی سەر بێشکە و پیر و گەنج و ژن و پیاو.

شاری ئەنفال ئەو وێنە و دیکۆمێنت و هێڵکارییانەن کـــــــــە هونەرمەندی جیهانی د. عوسمان ئەحمەد قادر دروستیکردوون. لەو دیمەنانەی بینین و بیستن و گێڕانەوە و واقیعی ئەو تاوانە مێژووییە شارێکی لە وێنەی ئەنفالکراوان دروستکرد .

ئەنفال وەك بوومەلەرزەیەك هات و بەبێ وێناکردنی ئەلەکترۆنی مایەوە. ئەوەی توانی ئەو وێنانە لە خەیاڵیدا وێنا بکاتەوە و بەو ژان و ئازارانەوە بتلێتەوەو هەوڵ بدات ئەو تاوانی جینۆ سایدە لە هێڵکارییەکانیدا زیندووبکاتەوە لاوێکی دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بوو، کاتێك دەچێتە ریزی پێشمەرگەوە زەمەنی ئەنفال دەستپێدەکات و خۆی یەکێك دەبێت لەوانەی بە موعجیزە رزگاری دەبێت و وێنەی ئەنفال دەگەیەنێتە جیهان و هێڵکاریی دیمەنەکانی ئەنفال دەکێشێت و لە بەریتانیا سێیەم کەس دەبێت کە تابلۆکانی لە مۆزەخانەی ئەو وڵاتەدا دادەنرێت.

**لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە9186 چوار شەممە 2024/6/5 دا بلاوبۆتەوە**